# چامپیۆنزلیگ.. بەرشەلۆنە و ناپۆلی یەکسانبوون



لە چامپیۆنزلیگ ناپۆلی و بەرشەلۆنە بە گۆڵێک یەکسان بوون.

لە یارییەکی قۆناغی 16ی چامپیۆنزلیگ ناپۆلی میوانداری بەرشەلۆنەی کرد.

لە تایمی یەکەم بەرشەلۆنەی میوان باشتر بینران و چەندین هەلی گۆڵ تۆمار کردنیان درووست کرد، بەڵام هەوڵەکان هیچ گۆڵێکیان لێ نەکەوتەوە.

لە تایمی دووەمدا دووبارە یارییەکە بەبەهێزی دەستیپێکرد و لە خولەکی 60 لیڤاندۆفسکی بە گۆڵێک بەرشەلۆنەی پێشخست، بەڵام ئەو گۆڵە زۆری نەخایاند و لە خولەکی 75 ڤیکتەر ئۆسیمین گۆڵی یەکسانی ناپۆلی تۆمارکرد، پاش ئەو گۆڵەش چەند هەوڵێک لەلایەن هەردوولا بینران بەڵام گۆڵی لێنەکەوتەوە و سەرەنجام یارییەکە بە یەکسانی کۆتایی پێهات.

وا بڕیارە یاری گەڕانەوە لە 12 مانگی داهاتوو هەردوو یانە لە یاریگای بەرشەلۆنە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.